# له ژێر ڕەنگەکانی ئاسمان دا..!






**سەرهەنگ حەمە ساڵح**

Xamosh_serheng@yahoo.com


ئێوارەیەو..

خاك لە دەروازەی

ڕووناکی خۆر دەپاڕێتەوە

ئالاَ بە ڕووی ئاسمانێکی

نارنجیەوە..پێدەکەنێ

خەیاڵ بۆ تەلیسمی حەسرەتەکانی

جامێ بادە..دەگری..!

فرمێسکە قەتیس ماوەکان

سیمای شوڕە بیەکم

لێل دەکەن

هەنگاوەکانم مەست دەبن

لەسەر ڕێگای

شۆستەیەکی کپ و هێمن

چراکان زۆر بە کزی دەسوتێن

نەرمە بایەك

ڕێچکۆلەی گریانم دەشێوێنێ..

چیتر بۆ بەهارێکی دۆڕاو

ئەشك نارێژم..

هەناسەکان ..تیکەڵ ئاسمانێکی

پەمەیی ناکەم

بەدیار خەوێکی ئەرخەوانی

بۆ هیچ هیوایەك ناگریم..

وەرە..هەر چەند دەکەم تۆ

بەڵکو خۆمیش

لەبیر خۆم ببەمەوە..

پێش ئەوەی

بە ڕشانەوەیەکی سەلەڤی

سیمای ئەم خاکە..پیس بێ

ئەم ئێوارەیە

گەڵاَ زەردەکانیش

بەم مەهزەلەیە..پێدەکەنن

منیش بەدوای کۆتایی

خەمەکاندا وێڵم..

بۆ ئەم جەستانەی

لەژێر ئاڵایەکی ..کاڵ

وەکو مۆمێك..کز دەسوتێن

بۆ دۆسیەی عەشقێك.. ساڵەهایە

یاری بە درووشمی نیشتمانم..دەکا

نیشتمانێکی پڕ لە ماچ و

پڕ   لە شەهید..

پڕ لە سەوزو سوورو..پەلکە زێڕینە

وەلێ ئاخ..چەند ئەستەمە

کە شەو داهات

ئەم ئازارە پڕ گلکۆیە

ئەم ئاواتە ڕۆمانسیە

لە باوەشی ژنیك هەڵڕێژم..

فرمێسکە بێ نازەکانم بسڕنەوە

بەم هەنسکە ماندوانەم

بڵێم ئۆخەی..!

سەر بە سینەیەك بکەم

چیتر خەون بە ڕەنگەکانی

ئاسمانەوە نەبینم

هەر لەم شەوە

**دەستی لەرزۆکم..مەست دەبن**

**بۆئاوێتەی ئەم ڕۆحانەی**

**کە لە هەردوو دنیا..مەحرومن..!**